شاراوە نەبوو، تەنانەت لەخۆیشیان، (ابن كثیر) دەڵێ عەمری كوری عاص - پێش موسڵمان بوونی ـ گەیشت بە موسەیلەمەو لێ پرسیبوو: ئایا چ ئایەتێك دابەزیوەتە سەر محمد ؟ عەمر پێ ی ووت: خوا سورەتی (العصر) ی بۆناردووە . موسەیلەمەش ووتی: ڕێك وەك ئەوەش بۆسەر من دابەزیوە كە دەڵێ: ((یا وبر، یا وبر! انما انت اذنان وصدرو سائر حفر نقر، عەمریش پێ ی ووت: بەخوا خۆت چاك دەزانیت من ئەزانم تۆ درۆزنیت. (ابن كثیر) لەسەر ئەم وەڵامەی عەمر بۆ موسەیلەمە دەڵێت: موسەیلەمە بەم قسە گێلانەیەی دەیوویست بەرامبەرکێ ی قورئان بكات، بەڵام لە بت پەرستێكی ئەو سەردەمەش شاراوە نەبوو كە پروچ و گێلانەیە. ئەبوبكر الباقلانی لەسەر ئەم ووتانەی موسەیلەمە دەلێت: ئەم ووشانە زۆر لەوە كەمترو پوچ ترن كە خۆمانی پێوە خەریك بكەین، بەڵام ئەو چەند ووشەیەمان بۆیە هێنا تا خوێنەر سەری سوڕبمێنێ و تێروانەر بزانێت كەلەگەڵ ئەو پروپوچی و بێ مانایی یەیدا كەچی خەڵكی پێ گومڕاكردو لەخشتەی بردن، گۆرەپانی نەفامیش فراوانە

٢ ـ نامەی موسەیلەمە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و وەڵامەكەی: لەساڵی دەیەمی كۆچیدا، كاتێ پێغەمبەری خوا توشی ئەو نەخۆشی یە بوو كەپێ ی وەفاتی كرد، ئەو قیزەونە نەوێرای و نامەیەكی بۆ پێغەمبەری خوا نووسی و تیایدا ئاگاداری كرد كە گوایە منیش لە پێغەمبەرایەتیەكەتدا هاوبەشم و عەمری كوڕی جارودی حەنەفی نامەكەی بۆ نووسی و بەعوبادەی كوری حارسی حەنەفی دا نارد كە ناسراو بوو بە ((ابن نواحة)) و ئەمەش دەقەكەی بوو: (( من مسیلمة رسول الله — كذب ـ الی محمد رسول الله، اما بعد، فان لنا نصف الارض ولقریش نصفها، لكن قریشاً لا ینصفون)). واتە: لە موسەیلەوە پێغەمبەری خوا ـ درۆزن ـ بۆ محمد پێغەمبەری خوا، پاشان نیوەی خێراتی زەوی بۆ ئێمە و نیوەكەی تری بۆ ئێوەیە، هەرچەندە قورەیش(بێ ئینصافن)و نایكەن بەدووبەشەوە پێغەمبەری خوایش ﷺ بەنامەیەك وەڵامی دایەوەو كە ئوبەی كوری كەعب ﷺ بۆی نووسیبوو، ئەمەش دەقەكەی بوو (( بسم الله الرحمن الرحیم، من محمد النّبي الی مسیلمة الكذاب، اما بعد: فان الارض لله یورثها من یشاء من عباده، والعاقبة للمتقین، والّسلام علی من اتبع الهدی)) واتە: لە محمد ی پێغەمبەرەو بۆ موسەیلەمەی درۆزن، پاشان، زەوی مولكی خوایەو دەیداتە دەستی هەركەسێ لەبەندەكانی كەخۆی پێی خۆش بێت، پاشەڕۆژیش بۆلەخوا ترسەكانە، سەلامیش لەسەر ئەو كەسەی ڕێگەی هیدایەت دەگرێت ) . موسەیلەمە نامەكەی بەدووكەسدا نارد یەكێكیان (ابن نواحە) بوو لەگەڵ كەسێكی تردا، پێغەمبەری خوا لێ ی پرسین ئەی ئێوە چی دەڵێن: ووتیان: ئێمەش هەر ئەوە دەڵێین كە ئەو دەیلێیت ! و

پێغەمبەری خوایشﷺ فەرمووی: (( انـا والله لـولا ان الرسـل لا تقتـل لـضربت أعنـاقكم ))، واتە: سوێند بەخوا لەبەر ئەوە نەبوایە کە نامە بەران ناکوژرێن، ئێستا دەمدا لەگەردنی هەر دووکیان.

٣ ـ هەڵوێستی حەبیب ی کوڕی زەیدی ئەنصاری: حەبیب ی کوری زەیدی ئەنصاریرضي الله عنه کە کوری نوسەیبەی کچی کەعب بوورضي الله عنه نامەکەی پێغەمبەری خوایﷺ گەیاندە موسەیلەمەی دۆرزن، کاتێ نامەکەی دایا دەستی موسەیلەمەی درۆزن ـ لێی پرسی ـ : شایەتی دەدەیت کەمحمد پێغەمبەری خوایەﷺ ؟ ووتی: بەڵێ . ووتی: ئەی شایەتی دەدەیت منیش پێغەمبەری خوام ؟ ووتی: من کەرِم گوێم لەقسەنی یە . چەند جارێ هەمان پرسیاری لێ کردەوە و حەبیبیش هەمان وەڵامی دەدایەوە، پارچەیەکی لە لاشەی قرتاند و حبیب خۆگرانە و لەبەرخوا لەسەر قسەی خۆی هەرسوور بوو تا ئەو ـ نەفرەت لێکراوە ـ پارچە پارچەی کرد و لەبەر دەستیدا بە پلەی بەرزی شەهیدی گەیشت. سەیری پێغەمبەری خوا بکەینﷺ کە چۆن رێزی دەستوورەکانی گرتووەو پارێزگاری لە بەڵێن نامە نێودەوڵەتی یەکان کردوە، نامە هێنەر ناکوژێت با لەگەڵ رەق ترین دوژمنانی بێ باوەرِیشیەوە بێت و بالە بەردەمیشیدا بێ باوەرِیەکە ئاشکرایش بکەنەوەو دەستیان بۆ نابات مادام خاوەنی (حصانة) دبلۆماسین، بەلام مەسەیلەمەو ـ هاوچەشنەکانی ـ خۆی کوێر دەکات لە ئاستی دەستوور و بەڵێننامەکان و باڵوێزەکان دەکوژێت، بەکوشتنێکی ئاسایش نا، بەڵکو کوشتنی درِندانەو شێواندنی جەستەو دڵ ئاو خواردنەوە، ئەمەش ئەو جیاوازی یە گەورەیە دەگەێنێت کە لە نێوان ئیسلامێك کە رِێز لە ووشە دەگرێت و رێز لەمرۆڤ دەگرێت و بە پیاوانەو شەرەف مەندانە شەرِ دەکات، نێوان نەفامی کە جگە لەخراپەکاری و ئارەزوو پەرستی لەسەر زەویدا هیچی تری لەباردانی یە.

٤ـ رەجال ی کوری عەنفوی حەنەفی: هەواڵی کاری موسەیلەمە لەناو بەنی حەنیفەدا کلێپەی سەند و دەنگی دایەوە، وەك بڵێ زۆر ئامادەبوون بۆ چوون بەدەمەوەی درۆو دەلەسەکانی و رەجالی کوری عەنفوی پێ خەڵەتا، کە ئەو پیاوە کۆچی کرد بۆ مەدینە و لەسەر دەستی پێغەمبەری خواﷺ موسڵمان بوو، قورئان فێربوو، هەندێ سورەتیشی لەبەرکرد، پێغەمبەر ﷺ ناردی یەوە بۆ ناو هۆزەکەی تا حەنەفی یەکان بەئاگابێنێتەوە و لەئاشوب و درۆ و زەیفی موسەیلەمە حاڵییان بکات، بەلام هەر ئەوەندەی زانی و هەرکە گەیشتە ئەوێ خێرا بەموسەیلەمە خەڵەتاو باوەرِی پێکردو لەناو جەماوەرێکی زۆردا بە درۆ شایەتی ئەوەی دا کە محمدﷺ هاوبەشی کردوە لە پێغەمبەرایەتیدا، ئەم کارەی ئەم نەگبەتە کردی لەوکارەی موسەیلەمەکردی ترسناکترو گومرِاکەرتر بوو. پێغەمبەری خواﷺ

